هەرکەسێک لە ئێوە بمێنێتەوە وبە چاکە وخێر گرنگی بدات بە خێزان ومواڵکی ئەوەی دەرچووە؛ ئەوا نیوەی پاداشتی دەرچووی هەیە

لە ئەبی سەعیدی خودریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هێزێکی نارد سەر بەنی لەحیان، فەرمووی: «با یەک کەس لە دووانتان پێشکەون (بۆ بەشداری کردن لە سوپاکە)، وپاداشت لە نێوانیان دابەش دەکرێت». ولە گێڕانەوەیەکدا (فەرمووی): «با یەک پیاو لە دووان دەربچن (بۆ بەشداری کردن لە سوپاکە)»، وپاشان بەو کەسەی فەرموو کە مایەوە: «هەرکەسێک لە ئێوە بمێنێتەوە وبە چاکە وخێر گرنگی بدات بە خێزان ومواڵکی ئەوەی دەرچووە (بۆ جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە)؛ ئەوا نیوەی پاداشتی ئەو دەرچووی هەیە».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ویستی هێزێک بنێرێت بۆ سەر بەنی لەحیان، کە یەکێکن لە بەناوبانگترین تیرەکانی هۆزی هوزەیل. وزانایان کۆکن لەسەر ئەوەی بەنی لەحیان لەو کاتەدا کافر (بێباوەڕ) بوون، بۆیە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سوپایەکی نارد سەریان وبە سوپاکەی فەرموو: (با یەک کەس لە دووانتان پێشکەون -بۆ بەشداری کردن لە سوپاکە-): واتا لە هەر هۆزێک نیوەی بەشدار بێت. (وپاداشت لە نێوانیان دابەش دەکرێت): واتا پاداشت بۆ هەردوو لایان دەبێت؛ بۆ موجاهید وبۆ ئەوەیشی ناڕوات بۆ جیهاد کردن ویارمەتی خێزان وکەسە نزیکەکانی موجاهیدەکە دەدات لەسەر خێر وچاکە. وئەمیش واتای ئەم فەرموودەیە ڕوونەدەکاتەوە: (ومن خلف غازياً فقد غزا) واتە: (هەرکەسێک شوێنگرەوەی موجاهید بێت -بە یارمەتیدانی خێزان وکەسە نزیکەکانی لەسەر خێر وچاکە- ؛ ئەوا ئەویش جیهادی کردووە -غەزای کردووە-). ولە گێڕانەوەیەکدا: (أيكم خلَّف الخارج في أهله وماله بخير كان له مثل نصف أجر الخارج) [رواه مسلم] واتە: (هەرکەسێک لە ئێوە شوێنگرەوەی موجاهید بێت -بە یارمەتیدانی خێزان وکەسە نزیکەکانی لەسەر خێر وچاکە-؛ ئەوا وەکو نیوەی پاداشتی موجاهیدی هەیە). واتا پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانی پێکردن بەوەی یەکێکیان دەربچێت بۆ جیهاد کردن ویەکێکی تر بمێنێتەوە بۆئەوەی یارمەتی خێزان وکەسە نزیکەکانی موجاهیدەکە بدات ئەگەر پێویستان بوو؛ ولێرەدا نیوەی پاداشتی ئەو موجاهیدەی دەستدەکەوێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/6366